کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:22 8-10-2007

**خەونەکەی مەلا عبدالخالق و... ئاسایش وئەوقاف! ...موحسین شوانی**

زۆر جار مامۆستایانی ئاینی کەباسی خەون دەکەن، فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د. خ) وەك نموونە دەهێننەوە کەفەرموویەتی:
خەون دووجۆرە، خەونی باش وخەونی خراپ، بێگومان خەونی باش لەلایەن خودای گەورەیەو خراپیش سەرچاوەکەی شەیتانە، ئامۆژگاریمان دەکەن گەر خەونی ناخۆش وترسناکمان بینی دوای بەئاگاهاتنەوە پەنا بەخوا بگرین لەئیبلیس وسی تفیش بکەینە لای چەپمان!بەپێچەوانەشەوە خەونی دروست وخۆشیش پێویستە سوپاسی پەروەردگاری لەسەر بکرێت وئاگاداریشمان دەکەنەوە کە جۆری باشەکە لای هەمووکەسێك باس نەکەین تەنیا ئەوکەسانەی باشن وخۆشەویستن نەوەك ئیرەییمان پێببەن!
خەونە شەیتانیەکانیش نەگێرینەوە بۆهەمووکەس، چونکە ڕەنگە کەسی گوی لێبوو خەونەکە چۆن تەفسیرو شیبکاتەوە بەو ئاقارەدا گوزەربکات، شایانی گوتنە خەون دیاردەیەکی سەیرو جی ی سەرنج وگفتوگۆی زانایانی ئاینی وپزیشکان وشارەزایانی بواری دەروونی و... چەندان لێکۆلێرەوەی زانستی بووە بەدرێژایی مێژوو، هەریەکەو بەجۆریك باسی لەم دیاردە کردووە، خەون لەگەڵ بوونی ئینسانەکاندا پەیدابووە، وبەردەوام دەبی وخەلچکێکی زۆری پێوە گیرۆدە بووە! مرۆڤ بۆ تەفسیری خەونەکانیشی پەنای بردۆتە بەر مەلا وشێخ وسەید وفاڵچی ودکتۆرو...
گەلی کتێب بۆشیکردنەوەی خەونەکان نوسراون بەناوبانگترینیان تەفسیری ئەحلامی ئیبن سیرینە لەنێوموسڵمانان وبەملیۆنەها دانەی لێچاپکراوەو بەچەندان زمانی جۆراوجۆر بڵاوگراوەتەوە، ئەوەی جی ئامازە پێکردنە گێرانەوەی خەونەکەی مەلا عبدالخالقی ڕووناکیە، کە بەر لەدووساڵ لەئێران پیاوێکی عەرەبی بینیوەو باوەشی پیاکردوەومژدەی هاتنی پێغەمبەری (د. خ) بۆهەولێر پێداوە، چونکە بەقسەی کابرای عەرەب، پێغەمبەر زۆر بەدڵ تەنگی وبی کەسی وشپرزەیی بینیوە وپرسیاری ئەم حالەتیشی لێدەکات لەوەڵامدا پێغەمبەری خۆشەویست پێیراگەیاندووە کەموسڵمانان پشتیان تێکردووەو وازیان لێهێناوە! بۆیە تەنیا یەك شوێن شك دەبات ئەویش شاری هەولێرە! تاکۆتایی خەونەکە...
ئەو خەونەش هاوکات بووە لەگەڵ زنجیرەیەك سووکایەتی کردن بەپێغەمبەری ئیسلام لەووڵاتانی ئەورووپی وبەتایبەتی کاریکاتێرە دانیمارکیەکە ووەهەروەها لەکوردستانیش کتێبەکەی مەریوان هەلەبجەیی، کەکاردانەوەیەکی توندی لای هەندی موسڵمانانی جیهان دروست کرد وبەشێوەیەکی ناشارستانی ولەهەندی شوێن هەڵیان کوتایە سەر باڵوێزی ئەو وڵاتانەی سوکایەتی لێکرابوو!
وەهەروەها نارەزایەتیکی زۆریش لەکوردستان بەتایبەت لەشاری هەولێر بینراو بەدەیان هەزار کەس رژانە سەرشەقامەکان، بەڵام ئەو خۆپیشاندانانەی هەولێرو کوردستان نموونەی جوانترین نارەزایی وبەشێوەیەکی زۆر ژیاری ودوور لەکاری توندوتیژی ئەنجامدران، بەڕێز مەلا عەبدالخالق کە ئەم خەونە دەگێرێتەوە زۆر بەحەماس وگڕوتینێکیوەها کە هەستی ئامادەبوان دەوروژێنی وبەیەك دەنگ تەکبیر دەکەن ولەکۆتایشدا بەدەنگێکی بەرز بەدایك وباوکەوە بەفیدای پێغەمبەر دەبێت، کە زۆر جارهەندی لە ووتاربێژەکان پەیرەوی ئەم شێوازە دەکەن کەرەنگە تەفسیری تری بۆبکری!بێگومان موسڵمانان مافی خۆیانە داکۆکی لە پیرۆزیەکانیان بکەن وکاتی ئەم پیرۆزیانە لەلایەن هەندی کەس وگرووپ وووڵاتەوە سوکایەتی پێدەکرێت، بەڵام بەشێوازێك کە گوزارشت لەراستی ئیسلام وبەرنامەو پەیامی میان رەوانەبکات وبەو جۆرەی پێغەمبەری ئیسلام کەکاتی خۆی دووژمنە سەرسەختەکانی سوکایەتیان پێدەکرد و ئەویش چۆن وەڵامی دەدانەوە، ئەم جۆرە دەربرین وشێوازە توندانەی هەندیچ گرووپ ولایەن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەنجامی دەدەن بەشێکە لەو ناشیرینکردنانەی دەرهەق بەئاینی پیرۆزی ئیسلام وپێغەمبەری ئازیز دەکرێت!

لەبەراکبەریشدا جکومەت ودەزگابەرپرسەکان پێویستە رەچاوی هەستی ئیمانی وئاینی وخۆشەویستی پێغەمبەری ئەو خەڵکە موسڵمانە بکەن وریز لەموقەدەساتی 95% باوەڕی ئەم کوردە موسڵمانە بگرن وئەوانیش چونکە ئیسلامن وخۆیان بەخاوەنی ئەم میللەتە دەزانن پێویستە بەشداری خۆشی وناخۆشی وبۆنەو پیرۆزیەکانی ونارەزایەتییەکانی دانیشتوانی هەرێم بکەن وچاودێری دەزگا حکومی وحیزبی وراگەیاندنەکان بکەن و ئەگەر خۆشیان پابەندی پەرستش و سرووتە ئاینی یەکان وخۆشەویستی پێغەمبەر نابن بائاشکرای نەکەن ومینبەری حیزب ورادیۆو تەلەفزیۆنەکان ورۆژنامەو گۆڤارەکانیان نەکەنە بەشێك بۆ رق هەڵسانی ئەو خەڵکەموسڵمانە ورەزامەندی ئەمریکاو ئەوروپاش بەوازهێنان لەرەسانایەتی وبەهاو رەوشتی باب وباپیران وئاینی ئیسلام نایەتەدی!لەسەر خەونیش گومان لەخەڵك نەکەن وتۆمەتباریان نەکەن وبۆهەموولێدوان ونوسین وگفتوگۆوروداوێك ئاسایش تەداخول نەکات، من نازانم پۆلیس لەکوردستان کاری چییە؟ئەگەر واشە پێشنیار دەکەم بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەریم هەڵبوەشێنرێتەوە! وەزارەتی ئەوقافیش چاودێرێکی ئاینی بێت ونەك حیزبی وئەمنی....

ئەگەر یازدەمانگ پێشنیارێك ونارەزایەتیەك سەبارەت بەهەموو سووکایەتیەی بەمەلاو مزگەوت وکەسایەتی ئیسلامی دەکرێت ودەرنابڕی وئەو هەزاران خاد م وبانگ بێژو.... انەی بەبەرچاوی ئەوقافەوە گەندەلن ودەوام ناکەن ومووچەش وەردەگرن....

کەچی یەخەی چەند مەلاو مزگەوتێك دەگری وجێگۆرکی وگواستنەوە بەهەندی خادم وبانگ بێژو ووتارخوێنی لایەنگری حیزبە ئیسلامیەکان دەکات!؟یا پێش مانگی رەمەزان پلان وبەرنامەو رێنمایی دەربکات ودەرگای مزگەوتەکان بخاتە سەر پشت ولەهەمان کاتدا چاودێرێکی باش وبێلایەن بێت ولەکاتی هەرکێشەو گیرگرفتێك وکەرووبەرووی مەلاومزگەوت دەبێتەوە خۆی بەخاوەنیان بزانی وپشتگیریان لێبکات وئەو مزگەوت وکەسانەی بەڵگەی لەسەر هەیە بەرەو توندرەوی وکاری تێکدەرانە هەنگاو دەنێن چارەسەریان بۆبدۆزێتەوە،

پرسیاری من لەهەندی مامۆستای ئاینی ومامۆستا عبدالخالق ئەوەیە: ئێوە هەرخۆتان هاواردەکەن بەدرەوشتی ودوورکەوتنەوە لەئاین لەکوردستان پەرەی سەندووە بەجکە جوولەکەو....

باشە پێم ناڵێن ئەگەر وایە پێغەمبەر بۆ لەم دونیایە تەنیا کوردستانی هەلبژارد وسەری بۆ هەولێر هەڵگرتووە؟

لەسەردەمی رژێمی سەدامی دیکتاتۆردا، عەرەبێکی شیعە مەزهەب خەون بەرووخانی حیزبی بەعس وحکومەتی عێراق وسەدام دەبینی! بۆبەیانی خەونەکە بۆ ژنەکەی دەگێرێتەوە، بەڵام پێی دەڵی ئامان ژنەکە لای کەس باسی نەکەیت! تاخەونەکە دێتە دی وفلان وفلان وناوی چەند کەسانێك دێنی کەئەوانیش بەشداری ئەورووخانە بوون وژنەکەی دڵنیا دەکاتەوە کەخەونەکەی دیچتە دی چونکە ئیمام کازم دەستی لەپشت داوە، دوای ماوەیەك خەونەکە ژنەکەی خەونەکە بڵاودەکاتەوە ودەزگا ئەمنیەکان کابرای عەرەب دەستگیردەکەن وبەهەمووشێوازێك ئازاری دەدەن وئەویش دەڵی ئەی هاوار من چی بکەم ئەوە خەونە گوناهی من چیە؟

دوای ئەوەی بێزاردەبی بە بەرپرسی ئەمنەکە دەڵی مادام وای لێهات من بەتەنیا نەبووم، فلان وفلان و... لەگەڵ بوون!

ئەوانیش دەستگیردەکەن وپێیان دەڵین ئێوە ئیعدام دەکرێن! ئەوانیش شەریان سوردەمێنی! دەڵێن ئاخر پێمان ناڵێن لەسەر چی ئیعدامان دەکەن؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرپرسە ئەمنەکە بەجنێودانەوە پێیان دەڵێ خۆتان لەگێلی مەدەن، (ئینتوو مسەوین ئینقلاب عەلا سەید رەئیس فارس ئومەلعەرەبیە) !!!!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.